# تۆتالیتاریزم وهەڵەی کوژەک

## ڕەشنووسی دەستوری عیراق بە دیدێکی جیاوازەوە

**غیاث الدین نەقشبەندی**

hlmysaid@yahoo.com.au

**ئەوەی خوارەوە ڕای منە، منیش هەم، کوردیشم وهەستی نەتەوییم بەسەر هەموو هەستەکانی ترمدا زاڵە. زۆر لە هەڵوێستی حزبەکانم بەدڵە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیێنێت هەموم بەدڵبێت و هەروەهاش کە من نابێ ڕای خۆم دەرنەبڕم و بەخەڵکی ڕابگەیێنم، چونکی نووسەر/ ڕۆژنامەنوس دیەری (شاهد) چاخی خۆیانن، پێشم وا نیە ڕۆژنامەنوسێکی هێژا هەبێت حەزبکات بە دیەری قەڵپ(شاهد زور) لەقەڵەمبدرێت.**

ئەگەر دارتاشێک هەڵەبکات ئەوە مۆبیلێک بەهەڵە دەردەچێت و ئەگەر دکتۆرێک هەڵە بکات ئەوە مرۆڤێک دەکوژێت. بەڵام ئەگەر سەرکردەیێک هەڵەبکات میللەتێک بە دارتاش و دکتورەوە لەناودەبات، بۆیەش دەبێ ڕەخنەگرتن لە سەرکردەکان زۆرتر بکرێت و هەمیشە لەژێر چاودێرییێکی بێلایەندابن، بۆئەوەی بە ئاسانی تووشی هەڵە نەبن. ناشکرێ بڵێین: سەرکردەکانمان تووشی هەڵە نابن یان لە هەڵە مەزنترن!!
تەنها سەرکردە تۆتالیتارەکان توشی هەڵەی وا مەزن دەبن چۆنکی دەوروبەریان هەموی قازن و کەس بوێری ئەوەی نیە پێیان بڵێ: ئەوە هەڵەیە (گەورەم، خوام، مەیکە، ئەوە هەڵەیە) یەکسەر لەخانەی دژمنانی شۆڕش جێگای بۆدەکرێتەوە بەنامۆ لەقەڵەم دەدرێ و ئەگەر هات و کرا بە دژمنی شۆڕش!! ئەوە خوا لێی گۆڕی و ژیانی لێ تاڵ کرا، یان دەبێت لە وڵات توڕ هەڵدات، یانیش لەدەرەوی وڵات بە نامۆیی هەتا هەتایە بڕزێت.

ئەگەر کەسێک لەدەرەوەی بازنەی حزبەکان ڕایێکی جیاواز بدات، بە تێکدەر لەقەڵەمدەدرێت و هیچکام لە حزبەکان ئامادە نین نەک گوێ بۆ ڕاگرن، بەڵکۆ ناهێڵن ڕایەکە لە میدیایەکانیشیان بڵاو ببێتەوە تەنانەت دژایەتی کەسەکەش دەکرێت و مەوقفیشی لە وەردەگیرێت.

چیدەبوو ئەگەر پەرلەمانی کوردی لەجیاتی (بەئجماع) بە 1/3 دەنگی لەسەر نوسراوەکەی دەستور دابا! چۆن ئەو هەمو مێشکە یەک ڕایان هەبوو؟ نازانم ئەو هەموو مکوڕیانیەو هێڵەسورەکان چیان لێهات! دەیانگوت هەندێکیان قابلی گفوگۆ نین، ئێستا داوای ئەوە دەکەن کە مللەت دەنگ لەسەر ئەو دەستورە ئیفلیجە بدات، ئەو دەستورەی کە بە هیچ شێوەێک خزمەتی کۆرد ناکات و ئەگەر حسابی ئەو 14 ساڵە ئازادیە بکەین، بێگومان نەبوونی باشترەو دەبوا سەرکردایەتی کورد بژاری ئەوەیان بۆ خەڵک و پەرلەمان بهەشتباوە کە بژاری (نا)یە و ئەگەر کورد بڵێ (نا) چی دەبێت؟ چی دەقەومێت و بە ئەکادیمیانە لێکیانبدابایەوە، چونکی بەهیچ حسابێک وبەهیچ شێوەیێک نابێ ئێستا کۆرد بیدۆڕێنێ.
ئەمریکا کەوتۆتە ناو گێژاوێکی وا قووڵ، لەوەتی شەڕی ڤێتنام گێژاوی وای نەبینیوەو نازانێ چۆن لێی رزگار بێت، تەنها شت لەدەستی بێت ئەوەیە کە زوو پەرلەمان و حکۆمەتێک دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی نەختێک لە ئابڕوە سیاسیەکەی بهێنێتەوە، هەرچی کۆرد یان هەر کەسێکی تر لەسەریان فەرز بکات، ئامادەن و بەدڵخۆشی دەیکەن.
تەنانەت ئەگەر بە باری دەڤەرگەری و تەرازوی هێزەکان وگرێی پەیوەندیە دەوڵەتیەکان حیسابی بۆ بکەین، بە ئاشکرایی بۆ هەمو کەسێک خویا دەبێت: لەوەتی کورد هەیە و خەبات لەپێناو رزگاری دەکات، هیچ دەرفەتێکی وا نەهاتۆتە پێش و قەد دژمنانی کورد لەگەڵ زلهێەکان وا ناتەبا نەبوون، تەنانەت کاتی ڕووخانی ئیمپەراتۆریەتی عوسمانیش دوای جەنگی جیهانی دووەم وهیچ کاتێکیش کورد لەگەڵ زلهێزەکان وا ڕێک نەبوە، ئەمریکا بە شەریک و هاوپەیمانی دەزانێت.
هەرێمی کوردستان کە لەناو ئەو دستورەدا تەنها حسابی ئیداری بۆکراوە وەک هەر هەرێمێکی تری تازە پێکهاتو، بۆنمونە هەرسێ پارێزگای تر کە بیانەوێ لەناو یەک هەرێمدا یەکبگرنەوە باری ئیداری و سیاسیان وەکو کوردستان دەبێت، ئەی کوا هێڵە سورەکان و بەتەرازوی خەباتی ڕزگای خوازی کورد، چی بەدەستەوە هاتوە؟ جگە لە چەند شتێکی دڵخۆشکەر کە دەکرا لە هەموو حکومەتێک و هەموو زەمانێک داوایان بکەن و پێشموا نیە کەس ڕەتیبکردایە.
دەبوا بە هەرشێوەێک بێت سەرکردە کۆردەکان لە داخوازەکانی گەلی کوردستان سست نەبنەوەو دەبوا ڕێزێک بۆ ڕای خەڵک دانرابا، چونکی بەهیچنەزانینی ڕای ڕاستی مللەت زیانێکی زۆرتر لە حزبەکان دەدات.
ئەگەر ئیعتبارو بەهایێک بۆ ڕای مللەت داندرابوایە، ئەوە ئێستا سەرکردە کوردەکان بە ئاسانی دەیانتوانی بە ئەمریکا بڵێن: ئێمە رازین، بەڵام مللەت ڕازی نیە!! خۆ عەیب نیە ئەگەر هەمو مللەت وەکو قاز نەڵێ: بەڵێ، بەڵێ!!
ئەو بەزمە بەزمێکی نوێ نیە لەدیرۆکی کورددا، زۆر گفت وسۆزی وا دراوە و قەد نەهاتۆتە دی، مادەی 62،63،64 لە پێکهاتنی سیڤەر([1]) بە ڕاشکاوی و ئاشکرا ڕێگە بە مللەتی کۆرد دەدات وڵاتی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام قەد بەرپانەکرا، نازانم هاوپەیمانی سیڤەر بەنرخ و هێز ترە ، یان یاسای ئیدارەی دەوڵەتی کاتی؟ چۆن من بتوانم بە مادەی 58ێ ئیدارەی دەوڵەت بڕوابکەم کە دوای 2007 ئەنجام دەدرێ؟ ئەی ئەگەر نەکرا؟ چەبکەم؟ ڕوو لەکوێبکەم ؟ ئەوەی ئێستا لەدەست کۆرد دێت، لەوانە نیە لە2007 لەدەستیان بێت. ئەگەر ئەمریکا و ئەوروپا لەگەڵ تورک و عەرەب و ئێرانی پێکهاتنەوەو بە هەموو تواناوە چەکی قورسیان پێدا! ڕوو لەکام شاخ بکەمەوە!
لە لایێکەوە سەرۆکی هەرێم داوای لە خەڵکی کوردستان کرد دەنگ بۆ دەستور بدەن و سەرۆکی عیراق لە کەناڵە ئاسمانیەکان گوتی: ئێمە تەنازۆلمان لە فیدرالیەت و مافی چارەنوسین کرد و قەبوڵمان کرد کەرکوک و سنۆری کوردستان دوابخرێت بۆ ئەوەی ئاشتبونەوەی نیشتیمانی بەرپابێت ( *نعم، نحن قدمنا تنازلات عديدة، اولا، الفيدرالية كمبدأ مقرر لكل العراق في قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية تنازلنا عن هذه لفترة معينة وتنازلنا ايضا عن حق*

*تقرير المصير الذي طالب به اكثر من مليوني مواطن كردي في استفتاء وكذلك طالبنا في موضوع كركوك الحل السياسي القريب وقبلنا بان يؤجل الحل النهائي الى نهاية 2007، كذلك قدمنا تنازلات اخرى فيما يتعلق بالحقوق الاجتماعية وقانون الاحوال الشخصية وكذلك فيما يتعلق بالحكم، نحن كنا في البداية نميل الى ان يكون الحكم المركزي حكما متساويا بين العرب السنة والعرب الشيعة والكرد ولكن في الدستور الجديد لا يوجد مثل هذا التساوي وهذا ايضا تنازل من الجانب الكردي، اذا عدنا الى مواد الدستور نرى في العديد من المواد تنازلا وتصالحا من الجانب الكردي حتى يتم التوافق الوطني.)*[2] .

من به هيچ شێوەيێک سوود لەو تەنازولانەدا نابێنم، هەروەها تەوافقی وەتەنی عیراقیش مەبەستی کورد نیە، چونکی کورد بەشێکە لە نەتەوەیێکی تری لەتکراوو خەباتەکەی لەپێناو یەکیێتی خاکی عیراق نەبوە، بەڵام بە دیدی سەرکردایەتیە کوردیەکان (ئەوانەی لەسەرکەناڵی کوردستان و کوردساتمان بینی، هەروەها ئەوانەی لە ڕاگەیاندن ئاخێتنیان کرد ) هەرهەموی بەیەک دەنگ دەڵێ: ئەو دەستورە زۆرباشە ئەگەرچی هەمو مافەکانمان لەناوی نەچەسپاوە.

نازانم چی لەناو ئەو دەستوورە چەسپاوە کە وا هەموو سەرکردەکان بەو جۆرە دڵگەشبکات؟

مافی چارەنووس دیار نیە، کەرکوک دیار نیەو هەروەها مەخمورو کەلەک!! فیدرالی بێسەروشوێنە، مافی سیاسی دیار نیە، پێشمەرگە ناوی بە ڕاشکاوی نیە، نازانم لە کێ دەترسن ناوی پێشمەرگەو فیدرالیەت بهێنن وکی توشی حەساسیست دەبێت و بەو دوو ناوە سەخڵەت دەبێت. کێ دەتوانێ ڕێگە لەکۆرد بگرێت بڵێ (نا) ئەودەستورە بۆئێمە دەستنادات، ئێمە ئیمزای ناکەین، چونکی ئیمزاکردن لەسەری کۆمەڵێک ئەرکی یاسای دەخەنە سەر لایەنی کۆردی، بەرامبەر بە کەمترین ماف، هەروەها پاشەکشە لە بەندێکی یاسایی وا ئاسان نیەو بە ئاسانی دەچێتە ناو خانەی نا شەرعیەت و دواتر بە تیرۆر لەقەڵەمدەدرێت. دژمنانی کورد لە هەمو کاتێکی دیرۆکی خۆیان لاوازترن و کوردیش هەمیشە بژاری ئەوەی هەیە بڵێ (نا)و هەرچی دەبێ با ببێ،چونکی تەنها بەو (نا) یە حساب بو گۆتاری سیاسی کورد دادەندرێ و ئەوانەی مەجبورن یاسا لە عیراق بەرپابێت، ملکەچی داخوازەکانی کورد دەبن. ئەگەر واش نەبێ، با هەر بگوترێ، یان هەر لە ئارادابێت وەکو کارتێکی فشار.

سەرکردە کوردەکان هەوڵدەدەن بە خەڵکرابگەیێنن کە عیراقی ئیتیحادی و فیدرالیەت یەک حسابە. ئەگەر یەک بوایە دەبا فیدرالیەت بێت لە جیاتی ئیتحادی، و ئەگەر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە وەکو حرس وطنی بێت دەبا پێشمەرگە بێت!. ئەوە دەبینین زلهێزێکی وەکو ئەمریکا کە بەو زەبەللاحیەی خۆی  شەو ورۆژ سوننەکان بە تیرۆریست لەقەڵەمدەدات، ئیستا خەریکە دوبارە دەستور لەبەر خاتری ئەو تیرۆریستانە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ئەرێیانبکات، چونکی سوننەکان چۆکیان بە ئەمریکا دادا، ئەی کەی فێردەبین ئەمریکا چۆن بیردەکات؟ بۆ کۆرد ناتوانێت بە ئەمریکاوە خۆی لە داوی ئاڵۆزی عەرەب و 'ویلایەتی فەقیە' دەربێنێ؟

ئەگەر حسابی 4500 گوندی ڕوخاو بکەین و 182000 مرۆڤی خاوەن هەست و نەست و ئومێدی ئازادی بکەین، خوا هەڵناگرێت بەیانی ئازار زۆر لەو دەستورە باشتر بوو.

خۆ ئەگەر ئەوسا سەرکردایەتی کورد بەوە ئەرێ ببوایە لەوانەیە سەدامیش بە ئاسانی بیانوی کوردڤڕانی بەدەستنەکەوتبایە. دڵنیاشم ئەوسا ش هەر سەرکردایەتی هەرێمیان دەکرد، نەپێویستی بەم هەمو گووری (قوربانی)انە هەبوو نە خۆشیان ئەوەندە تاڵیەیان بە وەرگرتنی مەنسبەکانەوە دەبینی.

ئەگەر سەددامی خوێنرێژ جلی کوردی لەبەردەکرد و ئەگەر بەدرۆشبێت دەیگوت دەمەوێ فیری کوردی بم، ئەوە کەی ئەو برادەرانە چاوەڕێدەکەن سەرکردە شیعەکان کە هاو پەیمانن، بە هەبونی کوردیش ئەربن!

دژایەتی شیعەو سوننە لە هەموو دژایەتیەکانی تری عیراق بەهەزترە، بەڵام کە مەسەلەکە دێتە سەر کورد، دڵنیام هەردوکیان دژی ویستی کورد یەکدەگرنەوە، بەتورکمان و کریستیانەوە، هەموی دژی ویستە شەرعیەکانی کوردە، دەبا بۆ یەک جار شتەکان وەک خۆیان ببینین، نەک وەک چۆن خۆمان دەمانەوێن.

هەتاکو عیراق چەکی نیە و بێهەزە، هەر باس لە مادەی 58 دەکات و خاتری کورد ڕادەگرێت، دەبا چەکی قورس لە دەوڵەتەکانی تر وەرگرێت و زلهێزەکانیش نێوانیان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان چاکببێتەوە، ئینجا نیشانمان دەدەن سنوری کوردستان لەکوێیەو مادەی 58 چیەو مافی چارەنوس ڕەنگی چۆنە.

کۆتایی: نا، نا، بۆ دەستورێک کە مافی کوردی بە بەئاشکراو ڕاشکاوی تێدا نەبێت، ئەگەر ئەمڕۆ توانام هەبێت بڵێم نا، لەوانەیە بەیانی پێمنەکرێت.

---

1 [1] ARTICLE 63.

The Turkish Government hereby agrees to accept and execute the decisions of both the Commissions mentioned in Article 62 within three months from their communication to the said Government.

ARTICLE 64.

If within one year from the coming into force of the present Treaty the Kurdish peoples within the areas defined in Article 62 shall address themselves to the Council of the League of Nations in such a manner as to show that a majority of the population of these areas desires independence from Turkey, and if the Council then considers that these peoples are capable of such independence and recommends that it should be granted to them, Turkey hereby agrees to execute such a recommendation, and to renounce all rights and title over these areas.

The detailed provisions for such renunciation will form the subject of a separate agreement between the Principal Allied Powers and Turkey.

If and when such renunciation takes place, no objection will be raised by the Principal Allied Powers to the voluntary adhesion to such an independent Kurdish State of the Kurds inhabiting that part of Kurdistan which has hitherto been included in the Mosul vilayet'.

[2] چاو پێکەوتنی کەنالی العربیه